# کۆمەڵگەی مەدەنی

## لە نێوان ترسی شوناس و تەوژمەکانی تازەگەریدا

نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

## (بابەتێکە بۆ گفتوگۆ)

قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وروژاندنی بابەتێکە کە تا ئێستا لە نێو ئێمەدا بە دروستی لە ناوو تێرمەکانی نەگەیشتووین بۆیە دەکرێت وەك هەوڵێکی بچووك کار بۆ شلەقاندنی ئەو تێنەگەیشتنە بکرێت لە بەرامبەر ئەم چەمکەدا باس دەکرێت.

ناکرێت باس لە پرۆسەی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگەیەك بکەین بەبێ کارکردن لە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگایەدا لە ڕووی کلتوور و کاریگەریەکانی دەوروبەر لەسەری و وابەستەبوونی بەو شوناسە تەقلیدیەوە کە هەیەتی و گەرەکی نییە بیگۆڕێت.

کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی ئەمڕۆ لە زۆرێك لە ناونیشان و مانشێتی ڕۆژنامەکانیدا باسی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدا دەکرێت، بەڵام ئایا بەخودی دەسەڵاتی چوارەمی کوردییەوە کە نائامادەگییەکی گەورەی لەو کایەی گۆڕندا هەیە توانیویەتی وەك دیکۆری دەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی نمایش بکات؟

ئایا کارەکتەرەکانی نێو ئەو کایەیە کە هۆشیارترین و کاراترین توێژ و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەن کاریان بۆ ناسینی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان کردووە؟

دەکرێت دەستەواژەیەك وەك نارنجۆك فڕێ بدرێتە ناو کۆمەڵێك کە هیچ ئامادەییەکیان نەبێت پێشتر بۆ ئەو کارەساتە؟

لێرەدا کە دەڵێم کارەسات بەو مانایە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردی کە بەشێکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگەی ئیسلامی بە ترس و گومانەوە لەو دیاردەیە دەڕوانن چونکە پێیان وایە ئەم گۆڕانە مۆراڵی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و شوناسی هۆز و بنەماڵە و خێزان دەشێوێنێت، خۆ لەوەدا ڕەنگە ئەگەر زیاتر لە سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە ورد ببینەوە ناهەقیان نییە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ هەیە درێژەپێدەری ڕابردووە و کۆمەڵگەش بەو

ئاڕاستەیەی ئێستە لەوە باشتر بەرهەم ناهێنێت.
ئەو تەوژمانەی لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا ڕوویان لە کۆمەڵگەی کوردی کرد نەیانتوانی ببنە جێگرەوەی ئەو شە پۆلە عەرەبی و ئیسلامییەی کە لە سەرەتاکانی سەدەکانی کۆچییەوە ڕوویان لە ناو ئەم کۆمەڵگەیە کرد و توانی پێگەی خۆی لێرەدا داکوتێت لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا تەوژمی مارکسیزم ڕووی لێرە کرد، هەڵگران و پەیڕەوانی ئەو تەوژمە نەتوانیان لە زەمینەی کەسییەتی خۆیان و نە لە زەمینی کۆمەڵگەدا بەو جۆرەی کە هەیە پراکتیکی بکەن، لێرەوە لە نێو دوانەیی (نێرەر- وەرگر)دا لە هیچ کام لەوانەدا گوتارێك نەبوو کە شێوازی ئاراستەی کۆمەڵ بگۆڕن و هەندێك لە هەڵگرانی ئەو وتارە بە مۆراڵە کۆنەکەی کۆمەڵگەوە مانەوە، هەرچەندە لە نێواخنی گوتاری ئەو فەلسەفەیەدا هەبوو کە دەبێت ئایین لە نێو شوێنەکانی خوا پەرستیدا قەتیس بکرێت، وەك ئەوەی لە فەرەنسا کلێسە ناچار کرا واز لە کاروباری دەوڵەت بهێنێ و بەم جۆرە فەرەنسییەکان بوونە خاوەنی هەم دەوڵەت و هەم کۆمەڵگەی مەدەنی، لێرەدا هەق وایە بپرسین بۆ؟
چونکە سروشتی کۆمەڵگەی فەرەنسی لەسەر دەستی کۆمەڵێك ڕۆشنبیر جۆرێك ئامادەیی هەبوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگۆڕدرێت و ئاسۆی مەدەنییەت پشت کەلی جێهێشتبوو.
کەچی لێرە ئەو فەلسەفەیە لە نێو خەڵکی نەخوێندەوار یان خوێندەواری ئەو سەردەمەدا کە خۆی لە خەڵکی نێو حوجرەکاندا دەبینێتەوە نەشونمای کرد و بە بەردەوام (ئەوی وەرگر) لەژێر کاریگەری مەسەلە ئایینی و نەتەوەییەکاندا زیاتر بارگاوی بوو بوو کە ئەم دوو چەمکەش (ئاین، نەتەوە) لەوێدا جێگەیان نەدەبوویەوە.
دەتوانین لەسەر شێوازی چەسپاندنی عەلمانییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی تورکیا بە نموونە بهێنینەوە، ئەگەرچی لە سەردەمی گۆڕانە گەورەکانی فەرەنسادا مستەفا کەمال ئەتاتورك لە فەرەنسا بووە و لە ئەکادیمیەی سەربازی شاری (تۆلۆز) خوێندویەتی و دواتر بە وێناکردنێکی عەلمانییەوە گەڕایەوە بۆ تورکیا و توندڕەوانە هەوڵی چەسپاندنی بنەماکانی عەلمانییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی لە تورکیا دەدا بەبێ خوێندنەوەی سروشتی کۆمەڵگەی تورکیا کە کۆمەڵگەیەکە ماوەیەکی زۆر وەك پارێزەر و میراتگری ئیسلام جەنگاوە و هێرشی کردووە بۆیە بە ئێستاشەوە تورکیا نەبوویە وڵاتێکی عەلمانی وەك ئەوەی ئەتاتورك دەیویست چونکە لە تورکیادا

1- زەمینەی عەلمانیەت کز بوو.

2- ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری بەخۆوە نەدیبوو.

**هەر بۆیە ئەمە پێچەوانە بویەوە لە عەقلییەتی دەوڵەتدا، ئەوان بڕوایان بە ڕیشەکانی عەلمانییەت هەیە، بەڵام هەرگیز بڕوایان بە پلۆرالیزم نییە.**

**بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیش نەدەکرێت بە گۆڕمێکی توندڕەوانە و کار بۆ هێنانی ئەو چەمکانە بکرێت کە تا ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە توانای هەرسکردنی نییە نەدەشبێت ئایینی باو کە ئیسلام لە ناوچەکەدا بیر لە سێنتیراڵیزمی بیرکردنەوەی خەڵکی بگرێت چونکە بەر لە خواستنی فیدراڵیزمی جوگرافی پێویستمان بە فیدراڵییەتی عەقڵ و بیرکردنەوە هەیە.**

**لە بەرامبەریشدا ئاسان نییە پەلاماری بیروباوەڕی زۆرینەی خەڵك بدرێت، دەبێت واقع ئەو مەسەلەیە و بیرکردنەوەی خەڵك بگۆڕێت نەك گوشار و بریندارکردنی باوەڕی خەڵکی بەهەر جۆرێك بێت، بە واتایەکی تر لەم کۆمەڵگە سوننەتییانەدا وەك چۆن نابێت پەلاماری پیرۆزییەکانی زۆرینە بدرێت** (پیرۆزی بەو مانایەی کە هەر باوەڕدارێك بە باوەڕەکەی خۆی لای پیرۆزە)**. بەو جۆرەش نابێت ڕێگە لە بیرکردنەوەی خەڵکی بگیرێت.**

ئۆگست کۆنت **دەڵێت:** بیروباوەڕەکان بە هێرش کردنە سەریان لە ناوناچن، ئەو کاتە لە ناو دەچن کە بسەلمێنرێت بێسوودن.

**ئەم وتەیە ڕاستەوخۆ هیچ بیروباوەڕێك ناگرێتەوە. ئەگەر بیروباوەڕ لە سروشتە ڕۆحییەکەی دەرچوو بوویە حاڵەتی تەبشیر ئەو کاتە یەکتر قبوڵکردن لاواز دەبێت. لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستاندا پێویستە دەوڵەت هەنگاو بەرەو ئەو پلۆرالیزمە (کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕەگەز)یە بنێت هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی لەم جۆرە وڵاتانەدا پێویستە لە حکوومەتەوە دەست پێبکات بەوەی ڕێز لە بنەما و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بگرێت و بڕیاری دروست و دامەزراوەی گونجاوی هەبێت تا بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان بیری زۆرینە و کەمینەدا دروست بکات و بە واقعی نیشانی بدات کە ئەم دەوڵەتە مەدەنییە. هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم هیچ ڕێکخراو و کۆمەڵەیەك بتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت چونکە دەسەڵاتی یەکەم و ڕەها دەسەڵاتی حکومەتە.** پاش زیاتر لە پانزە ساڵ ئازادی بە ئەمڕۆشەوە پرۆگرامەکانی خوێندن هەروەك خۆیانن، لەوانەی مێژوودا بە ئەمڕۆشەوە مێژووی دەوڵەتانی تر و باس و خواستی شەڕ و یەکتر قرکردن دەخوێنین، بە ئێستەشەوە لە سیستەمی فێرکردندا مامۆستا ڕەچاوی ئەوە ناکات ڕۆژی هەینی بۆ پشووی قوتابیە نەك ئەوەی ئەو ڕۆژەش لە ماڵەوە

خەریکی نووسینەوەی وانەکان بێت، هەمیشە لە نێو قوتابی و مامۆستادا سروشتێك لە سروتی جەللاد و قوربانی هەیە.

**لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا سروشتێکی جیاواز دروست نەبووە هەمان باوکەکانی ماڵەوە لە قوتابخانەشدا هەن، کاتێك قوتابی دەڵێت:**

(مامۆستامان چرایە، وەك دایك و باوك وایە) **زۆرجار مامۆستا ڕوناکیەکەی خۆی ون دەکات و نیوەدێڕی دووەم نمایش دەکات کە** ( دایك و باوك )**ە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەر بۆیە تا نیوەی دێڕی دووەم لە بونیادی کۆمەڵگەوە دەسکاری نەکرێت و** (هاوڕێ و دڵسۆز) **جێگەی** (دایك و باوك) **نەگرێتەوە ئەستەمە ئەو متمانەیە لە نێوان ئەو دوو چینەدا دروست بێت.**

**بۆیە لەو قۆناغەدا کە باس دەکرێت و ناودەبرێت بە قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنی کارەکان و ئەرکەکانی ئەو قۆناغە لە چەند خاڵێکدا کۆدەکەمەوە.**

## 1- حکوومەت:

**بەو پێیەی حکوومەت تاکە سەرچاوەی دەسەلاتی جێبەجێکارییە پێویستە بە دیراسەیەکی ورد و کارکردنێکی درێژمەودا** (هەرچەندە درەنگە) **هەنگاو بەرەو ڕاگرتنی بالانسی ئازادییەکان بنێت و ئازادی تاك و دەستەجەمعی وەك یەك تەماشا بکات و ڕێزی لێبگرێت و زەمینەی بۆ بڕەخسێنێت و لە کاتی پێویستدا داکۆکی لێبکات.**

**بۆ ئەمەش یاسای تازەمان پێویستە چونکە سزادان بەهەر یاسایەکی کۆن کە لەلایەن ڕژێمی لەناوچووەوە دەرچووبێت خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی ئازادی و بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنگەرییە.**

## 2- وەزارەتی پەروەردە/

**دیارە دروستکردن و وەبەرهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و شارستانی لە سەرەتاکانی تەمەنەوە دروست دەبێت بۆیە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە سیستەم و پرۆگرامی خوێندن لە بناغەوە هەڵوەشێنێتەوە و لەسەر شێوازێکی مەدەنیانەی هاوچەرخ دابڕژێتەوە** (هەرچەندە درەنگە) **چونکە لە 15 ساڵی ڕابردوودا دەکرا تا ئێستا نەوەیەك وەبەر بهاتایە لەسەر بنەمای یەکتر قبوڵ کردن و بە بیرێکی شارستانیانەی سەردەمەوە و ئێستاش دەکرێت ئەو کارە بکرێت.**

## 3- وەزارەتی ڕۆشنبیری/

**بەو پێیەی ڕۆشنبیران داینەمۆی گۆڕانی کۆمەڵگەن بۆیە ئەو وەزارەتەش پشکی شێری بەردەکەوێت و پێویستە بە سەرجەم کەناڵ و دەزگاکانیەوە هەنگاو بۆ ئەو مەسەلەیە بنێن و**

لێرەدا  پێشنیاری کۆنفرانسێك دەکەم بەناوی (کۆنفرانسی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە و ڕۆڵی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن).

## 4- وەزارەتی ئەوقاف/

بەو پێیەی ئەم وەزارەتە تایبەتە بە کاروباری ئایینییەوە پێویستە لە سەرجەم ئەو گۆڕانانەدا ڕۆڵی ئیجابی هەبێت هەروەك چۆن کارەکەی وا دەخوازێت هەڵکردن و یەکتر قبوڵ کردن بڵاوبکاتەوە نەك ببێتەوە بەشێك لە گرژی و ناکۆکییە فیکرییەکاندا و هەمیشە سروشتی ئایین وەك ئەوەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت لەلایەن ئاییندارانەوە بڵاوکردنەوەی گیانی هەڵکردن.

## 5- ڕێکخراوەکان/

لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕێکخراوەکان ڕۆڵی ئەرێنی کارا دەبینن بۆیە ئەرکی ئەوانیش لەم گۆڕانەدا هیچی لەوانی تر کەمتر نییە چونکە ئەم ڕێکخراوانە زۆربەیان بە بەردەوام خوێنی تازە لەنێو ڕیزەکانیاندا خۆی دەبینێتەوە بۆیە  پێویستە بە بەردەوام بە کردنەوەی خولی هەمیشەیی و لە ژیانی ڕێکخراوەیدا بە  پراکتیك و مەدەنیانە مامەڵە بکەن.

## *دەرەنجام

بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای هەڵکردن و بڕوابوون بە ئازادی و پلۆرالیزمدا هەنگاو بنێین وەك سەرەتای پرۆژەیەك ئەم مەسەلەیەمان وروژاند بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا بتوانین هەنگاوەکانمان خێراتر بکەین بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ کە تێیدا ڕێز لە گشت ئایین و ئایینزایەك بگیرێت و لە بەرامبەر  هەر ڕایەکی جیاوازدا خەتی ڕاست و چەپ بەسەر کەسدا نەهێنین.

لەوەش گرنگتر بوونی ئینتیمایەکی بەهێزە بۆ  ئەو جێگەیەی پێی دەگوترێت نیشتمان و قوڵکردنەوەی چەمکی هاونیشتمانی بوون کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی پەیوەندییەکانی تر چونکە نیشتمان بۆ هەمووانە و ئایین بۆ خودایە واتە ئینتیما بۆ خاك و هاووڵاتی بوون و پاراستنی ئەرکی هەمووانە، بەڵام هەرچی مەسەلەی ئاییندارییە  پەیوەندییەکی ڕۆحی نێوان ئیماندار و خودایە و ئەگەر بەم ئاڕاستەیە کاربکەین خۆمان لە گشت توندوتیژییەك دوردەخەینەوە و خۆمان دور دەگرین لە ڕەنگکردنی مەسەلەیەکان بۆ مەبەستی سیاسی.